# بەلای كوردەوە مریشك:واتە پارە و خۆراك و ئێستەش واتە مردن

رۆژنامەی نیویۆرك تایمز لە(2006/2/2)
نوسینی / ریچارد ئێی .ئۆپلّ جەی ئارِ

**كامیل محەمەد قەرەداغی لەئینگلیزییەوە كردوویەتی بەكوردی**

**زاخۆ –عیراق / 25ی كانوونی دووەم**

موسا جەمیل بەرامبەر بە خانووە لەگەلّ و بەرد دروستكراوەكەی خۆی راوەستا,چەقۆیەكی لەگیرفانێكی جلەكانی شەروالّەكەی خۆی دەرهێنا بۆئەوەی پیشانمان بدان كە چۆن بیست مریشكی خۆیی سەربریووە لە دەوروبەری هەفتەیەكی پێش سەردانەكەی ئێمەدا كاتێك كە بەرپرسیارە كوردەكان سەردانی گوندەبچوكەكەی ئەویان كردووە,كە لە دەرەوەی زاخۆیە لە نزیكی سنوری توركیا.

جەمیل دەلّێ: ئەوان هەموو كەسیان ئاگاداركردەوە كە مریشكەكانیان سەربڕن.

هاندانی گوندنشینەكان لە ناوچە سنوورییەكاندا بۆ سەربڕینی پەلەوەرەكانیان , پلانێكی بەرپرسیارەكوردەكان بوو بۆهەولّی ڕێگەگرتن لەهاتنەناوەوەی ئەوئەنفلەوەنزای بالّندەیەی كە مانگی دیسەمبەری رابووردوو خەلّك ئاگاداركرا لەوەی كە لە باشوری توركیادا بلاوبۆتەوە.

ئەوان هەروەها فرۆشتنی مریشكی زیندوویان لەزۆر شوێن قەدەغەكرد, و ڕێگەی هێنانی پەلەوەریشیان لەتوركیاوە قەدەغەكرد.ئەو ئۆتۆمبێلانەی كە لەسنورەوە دەپەڕنەوە ئێستا دەرمانێكی خاوێنكەرەوەیان پێدا دەپرژێنرێت,نەوەك شوێنەوارێكی نەخۆشیی بالّندەیان پێوەبێت, هەروەها پشكنین بۆ هاتوچۆكاران و شۆفێرەكانی دەكرێ,بۆئەوەی بزانرێ نیشانەكانی ئەو نەخۆشییەیان پێوەیە, یان نا!

هێشتا ئالّوگۆڕی بازرگانی لەگەلّ توركیادا بەردەوامە, هەروەها راگرتنی مریشك و بەكارهێنانی هێلكەیش وەك سەرچاوەی گرنگی خۆراك و داهات هەر لەئارادان. بۆیەپسپۆرانی بواری تەندروستیی گشتی ئاگایی ئەوەیان دا كە بلاوبوونەوەی ئەو نەخۆشییە تەنها لەسەر مەسەلەی كات ماوەتەوە و هیچی تر.

﴿بەرپرسیارانی عیراقی ئەم هەفتەیە وتیان كە پشكنینە بەراییەكان پیشانیانداوە كە ئەو كچە پانزەسالّەیەی هەفتەی رابوردوو مردقوربانییەكی ئەنفلەوەنزای بالّندەبووە.هەروەها بەلای كەمەوە دوانزەكەسێكی تریش هەن كە گیرۆدەی ئەنفلەونزا و ڤایرۆسە كوشندەكەی(H5N1) بوون.﴾

هەروەها ئەوانەی كە هەولّی سەرەكیی ڕێگەگرتنی بلاوبوونەوەی دەدەن دانیان بەوەداناوە كە هەندێكی هۆكارەسەرەكییەكانی بلاوبوونەوەكە لە سەرووی دەستەلاّتی ئەوانەوەبووە.بەتایبەتیش مەلە كۆچەرییەكان,ئەو مەلانەی كە وادەزانرێ ئەوان نەخۆشییەكەیان لە رۆژهەلاّتی دوورەوە هێنابێ.

"حەمید عەلی"ی بەرپرسی كوردی وێستگەی خالّی سنوریی زاخۆ دەلّێ:هۆی ئەو نیگەرانییە سەرەكییەی ئێمە هەمانە بالّندە فڕیووەكانن. ئەوانە لە توانای كۆنترۆلّی ئێمە دەرەچن.

لەهەمان كاتدا خراپیی, یان لاوازیی خزمەتگوزاریی تەندروستی لەزۆربەی عیراق و لەو هەرێمە كوردییەشدا كە پانزە سالّێكە نیمچە فەرمانڕەواییەكی خۆیانیان هەیە زەمینەیەكی لەباریان رەخساندووە بۆئەوەی ئەم ئەنفلەوەنزای بالّندەیە ببێتە جۆرێك لە هەڕەشە,(بۆیە هەموو كەس بەم نەخۆشییەوە سەرقالّە)حەمید عەلی وادەلّێ.

بەلاّم كەسانێكی وەك جەمیلیش كە داوایان لێدەكرێ بەدەستی خۆیان مریشكەكانیان سەربڕن, بەكردەوە دەكەونە بەر مەترسیی تووشبون بەو ڤایرۆسە.

هەروەها لە خالّێكی پەڕینەوەی سنورییش كردەوەی خۆپارێزی بەباشی كاری نەكردەوە. هیچ نەبێت ئەمڕۆ ئەو ئامێرانەی بۆ دەرمانڕێژكردنی ئۆتۆمبێلەكان بەكاردەهاتن هەمویان شكاوبوون, ئەمەش بەرپرسیارانی ناچاركرد كە بیر لەڕێگەچارەیەكی تربكەنەوە: ئۆتۆمبێل و ترێلەكانیان بەناو گۆماوێكدا تێدەپەڕاند كە لە مادە پاكژكەرەوەكە دروستكراوبوو.

بەخێوکردن و پەروەردەکردنی مریشك و پەلەوەرەکانی تر بەدرێژایی سەردەمانێك سەرچاوەیەکی داهاتی هەرزان و ئاسان بووە لەناو ئەو کوردانەدا کە هەرێمەکەیان بۆسنوری تورکیاوئێران و سوریادەکشێ.

لەناوشارەکاندا مریشکی برژاو و تکەی گۆشتی برژاوی مریشك کەپارچەی بچوکی گۆشتی مریشکە و بەشیشەوە لەسەر ئاگر دەبرژێنرێ دەفر و خۆراکی پەسەندکراوی ناو چێشتخانەکانە.لەلادێکان کوردەکان گەلەمریشك و پەلەوەری گەورە بەخێودەکەن, وەك سەرچاوەی داهات و هێلکەی مریشکەکانیش وەك خۆراك دەدرێتەمناڵە برسییەکان وهەروەها دەشتوانرێ بفرۆشرێ و ببێتە سەرچاوەی داهات.

لەوکاتەدا کە لادێنشینەکان وتیان کە تێگەیشتنیان بۆ کۆتوبەندە تازەکان هەیە و لەسەریشی رازین, هەمان ئەو کۆتوبەندانە ئەستەمییەکی گەورەیان بۆدروستدەکات.

دراوسێیەکی کاك جەمیل ناوی "سەلام میرزا" تەمەنی"38"ساڵەو باوکی دوانزەمناڵە:دەڵێ گەلەیەکی سەد مریشکی ئەگەر رۆژانە هێلکەکەیان بنێریتەبازاڕ هەر رۆژەی داهاتی نزیکەی شەش دۆلاریان دەبێ.داهاتی هەندێ خێزان لەسەر هێلکەفرۆشتنە.

کاك سەلام دەڵێت هەفتەی رابوردوو کە بەرپرسە میرییەکان سەردانی گوندەکەی ئەوانیان کردووە, ئەمیش سی وچوار دانەی مریشکەکانی خۆیی سەربڕیوون. گوندەکەی ئەوان(باچیکە)یە و چەند میلێکی کەم لە رۆژئاوای زاخۆوەیە, لەسێبەری چیاگەلێکی سەر بە بەفردا.

دراوسێیەکی تریان ناوی ئەمیر رەمەزانە, باوکی نۆمناڵەو تەمەنی(68)ساڵە. ئەمیش دەوری پەنجامریشکێکی هەبوولەدەوری کێڵگە بچوکەکەی دەهاتن و دەچوون کە بەسەر گردێکی ڕووتەنەوە بوو, ئەمیش هەمویانی سەربڕی.

کاك ئەمیر دەڵێ:ئەوە خۆراکێکی زۆرباشی ئێمە بوو,بەڵام ئێستە لەدەستماندا.کە مناڵەکانمان بە برسێتی لەقوتابخانە دەهاتنەوە دایکیان هێلکەی بۆ دەکولاندن. کاتێك ئەم وایدەوت مناڵەکانی ماستی شیری مەڕیان دەخوارد.

کوردەکان ئێستە بۆکاری پێویست نەبێت تاقەتی هاتوچۆکردنی تورکیایان نەماوە. ئێستە هەفتانە کەمتر لەنیوەی ژمارەی ئاسایی خۆی خەڵك لەسنورەوە دەپەڕنەوە.حەمید عەلی وادەڵێ, هەروەها دەڵێ:ئەو دەوروبەری (1500)کەسەی کە رۆژانە لەسنوی تورکیاوە بەرەو عیراق دێن بەخێرایی لەلایەن پزیشکێکەوە دەپشکنرێن و پرسیاریئەوەیان لێدەکرێ کە ئاخۆ کاتێك لەتورکیاوە هاتوون هیچ نیشانەیەکی نەخۆشییان پێوەبووە!!

هەندێکی کوردەکان زۆر لەوەزیاتریان کردووە کە حکومەت داوای کردووە.لەچێشتخانەی میللیی "سەدیر" لەدهۆك(باشوری رۆژهەڵاتی زاخۆ) بەڕێوەبەرانی چێشتخانەکە ئەگەرچی تائێستەش رێپێدراون کە مریشکی بەستووی سەربڕاو بکڕن و لێبنێن, خۆیان مریشکیان لەلیستی خۆراکەکانیان لابردووە.

"سوبحی تەتار"یەکێکی بەڕێوەبەرانی چێشتخانەکەیە, ئەو دەڵێت"نامانەوێ کەس لە چێشتخانەکەی ئێمەوە نەخۆش بکەوێت"هەروەها ووتی ئەم گۆڕانە بەڕاستی زیانی لەکارەکەمان داوە:چونکە زۆربەی خەڵك کە دێن داوای مریشك دەکەن و کە ئێمەش دەڵێین نیمانە دەڕۆن.

*پەریڤان ئەدهەم بە راپۆرت ناردن لە زاخۆ و دهۆکەوە بەشداریی ئامادکردنی ئەم وتارەی داوە.